کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:06 29-4-2007

## نامەیەک بۆ وەزیری وەرزش و لاوان 1985 بچوکترە یان 1988... ئاری ئازاد



من زۆر بەکورتی یەك سەرنج دەخەمەڕوو راستی بچووك ترین رۆژنامەنووسی وەرزشی لەکوردستان دیاری دەکەم، بەرێز کاك تەها بەرواری من ناوم (ئاری ئازاد) ە لە رێکەوتی 1988/6/6 لە شاری هەولێر لە دایك بووم ماوەی سێ ساڵێش دەبێت لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ـ کەناڵی هەولێر کاردەکەم ئامادەکاری بەرنامەی (ستۆدیۆی وەرزش) بووم تا ماوەیەك بەر لە ئێستا، خاوەنی گۆشەی هەفتانە بووم لە رۆژنامەی (ستادیۆم) بە ناوی (کۆڕنەر) ئێستاش هاوکاری ئەم رۆژنامەیەم، پێش ئەوەش گۆشەی تایبەتم هەبووە بەناوی (ئۆفساید) لە هەفتەنامەی (هەواڵ) لە ساڵی 2006 من ئەوە بۆ راستی دەڵێم نەك بۆ خەلاتی وەزارەتەکەت ئێوە پێش ئەوەی ئەو ناوە لە خەڵێك بنێنن لە نزیکەوە بزانن کێ بچووکترین رۆژنامەنووسی وەرزشیە لە کوردستان، ئەگەر بەڵگەی زیاتریشت دەوێت کۆپیەك لە ناسنامەی باری کەسێتیت بۆ رەوان دەکەم، ببورە لێم کاك (کارزان کانەبی) بەراستی پێخۆشحاڵ بووم کە ئەو خەلاتەت وەرگرت بەلام من بۆ راستی ئەو قسەیە ئەم بابەتە کورتەم نووسیوە، رەنگە رۆژنامەنووسی لەمن بچوکتریش هەبێت کاك تەها بەرواری.

ـ هەولێر
ariazad999@yahoo. com
ariazad999@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.